## سەرگورشتەی زمانی کوردی و فەرەنسی (بەشی یەکەم)

خوشناو مەریوانی

رووداوەکانی سەرەتای ساڵەکانی هەشتای سەدەی پێشوو بوو.

لە فەرەنسا ماوەیەکی زۆر نە بوو، لەو را ئاوارە ببووم. زمانی فەرەنسی ئەودەم یەک دووشەی بەئەستەم ئەمزانی.

بۆ بژێوی ژیان کرێکاری لەحیمکردن بووم. لەحیمکردن چونکە زمان زانینی پێویستی نییە.

لە ویکێندەکاندا یان دوای دەوام وکارکتێبخانەی گشتی لە گەرەکی بێنجەمی پاریس و کتێبخانەی جۆرج پۆمپیدۆ لە گەرەکی سێهەمی پاریس دەچووم. لەزمانی فەرەنسیدا زۆر تێدەکۆشام، بەڵام بەداخەوە فرە پێش نە ئەکەوتم.

پێویست بوو چەند کۆرسێکی زمان وگرامەر فێربوون لە قووتابخانە وەرگرم. قووتابخانەیەکی خاس دۆزیمەوە، کۆرسێکی گرامەر و ئاخافتنی فەرەنسی وەرمگرتن. لە قووتابخانە پاش ماوەیەکی کەم لەگەڵ مامۆستاکەماندا کەوتمە شەرە سەرنجی ناخۆشییەوە. خانمێکی بەتەمەن بوو، باوەری بە باشی هەوڵدانی نەدەکردم.

فێر بوونی زمانی فەرەنسی لە قوتابخانەکەدا تاقەتی سەرزەنشتی نادڵسۆزی مامۆستاکە، وازم لە قوتابخانە هاورد.

لە کتێبخانەی جۆر پۆمپیدۆ بۆخۆم کۆشش لەسەر کیتابی نوسەرەکانی فەرەنسی وەک کامیۆ، مووپاسان، بلزاک و ئەمیل زۆلا دەمکردن. گرامەری فەرەنسی بۆ خۆم لە ویکێندەکاندا کار تێدا دەمکردن.

ماوەی یەک دوو ساڵێکی خایاند، هەمیشە بەردەوام هاتووچۆی کتێبخانەکان دەمکردن، بە حووکمی زۆر لە کتێبخانەکان دەرئەکەوتم، لەگەڵ فەرەنسیەکی مامۆستای زمانە رۆژ هەڵاتییەکاندا هاوەڵایەتی لە نێوانماندا درووست بوو، بەداخەوە پاش ئەو هەموو ساڵە ناوەکەی بیرنەماوە.

مامۆستایەکی فرە خاسبوو، یارمەتی زۆری دام، هاوکات ئەوبەرێزە وانەکانی لە دانشگا دەیوتنەوە ئامادە دەکردن، بەو رۆژگارە خەریکبوو دەی نوسی و دەیخوێندەوە. هەندێ کەرەت بۆ پشوو قاوەخانەکەی نوهۆمی سەرەوەی جۆرپۆپیدۆ دەچوین قاوەیەکی گەرمان دەخواردەوە، تا بەدەم کیتاب خوێندنەوە وەنەوز نەمان باتەوە.

رۆژێکی لێمپرسی.

مامۆستا وانەی چ دەرێنەوە؟

گووتی،

زانستی زمانەوانی رۆژهەڵاتی، زانستەکەیان وستراکچەری رستە وداتاشینی وشە و رستە سازی دەرێمەوە .

من ئەودەم لە مەبەستی زۆر تێنەگەیشتم، بەڵام سەرم بۆلەقاند و وی وییەکی فەرەنسیانە بۆمکرد وەکی کەسێک تێگەیشتبێت.

من کۆڵ لە کۆشکردنی فێر بوون نەمئەدا، تا ئەو سنورەی دەمویست فەیلەسوفەکان کانت و هێگلی بە فەرەنسی بیان خوێنمەوە، هاوکات فەرهەنگی فەرەنسی زۆر بەکارم ئەهێنان.

ئەودەمە خەڵکی زۆر لێیان دەپرسیم خەڵکی کوێت ولە کوێوە هاتووی. لەسەرەتادا بەلامەوە سروشتی بوو، بەرەبەرە و لەگەڵ رۆژگاردا لە پرسیارەکەیان،" خەڵکی کوێی؟" قارس دەبووم. زۆر کەرەت دەمگووت:

پێتان ناڵێم، یان بۆ لە من دەپررسن:

خەڵکی کوێم؟

رۆژ لە دوای رۆژ پرسیارە نا دروستەکەیان سەری دەئێشانم.

مامۆستای زانستی زمانەوانی رۆژێکی لێمپرسی، مامۆستا بۆ چی تا هەنوکە لێتان نە پرسیوم،

- خەڵکی کوێندەرم.

لە وەڵامدا،

گوتی من پێویستم بەو جۆرە پرسیارانە نیە، بەڵام بە حوکمی کارەکەم، دەزانم بەرێزتان خەڵکی کوێن.

گووتم دەفەرموون پێم بێژن:

خەڵکی کوێم.

گووتی کوردن، ئێ گووتم،

چۆن زانیتان، وەڵامی دامەوە گووتی بە موسیقا و سیلاب برینی رستەکان ئەیدرکێنی.

گووتم، خۆ بە فەرەنسی لە گەڵتان گفتوگۆ دەکەم.

گووتی: ئاسانە ڤۆیڵ( پیتی دەنگدار) و( بێدەنگی) زمانی دایکت لە کاتی ئاخافتن بە زبانی فەرەنسیدا بە کاردەهێنی. لەسەر ئاخافتنەکەی بەردەوام بوو، بەڵام بەرێزتان تا زمانی دایکیت فێر نەبی، هەرگیز ناتوانی زمانێکتر فێربیت.

چی ؟ تا زمانی دایک فێرنەبم، هەرگیز ناتوانم زمانێکتر فێرببم.

سەرم زۆر سورما، ویستم کەرەتێکیتر پرسیاری لێ بکەمەوە، دەرفەتی نە دامێ، بەردەوام لەسەر گفتەکانی کرد.

گووتی:

بەرێزتان نازانن ڤێرب وڤێربی ئۆکسیلەر لەزمانی کوردیدا چۆن لە رستەدا بە کار دەهێنرێن، لە چ جێکایەکی رستەدا لە زمانی کوردیدا خۆیان ئەدۆزنەوە، هەروەها ناو، سیفەی کات و شوێن نازانن لە رستە سازی بە کاری بهێنن.

ڤۆیلەکان و( پیتە بێ دەنگدارەکانی) زبانی کوردی بەهەستی رۆح ناناسن، چونەکە پیتەکوردێکان بە پیتی عەرەبی و فارسی ناسیوتانن، لە گەڵ ئەوەی بەلاتینی نەبێت نانوسرێن.

پێی گووتم،

داگیرکەرەکانی کوردستان بەدەستی ئەنقەست زمان و نوسینی کوردی شێواندوویانە.

میللەتی کورد پێش هەموو هەنگاوێکی نەتەوەی پێویستی بە رزگاری ژیانی زمانی ئاخافتن و نوسینی کوردی هەیە، ئەم هەنگاوە هەروەها پێویستی بە دامەزراوەی دەوڵەتی ئەکادیمیای زمان لۆجی هەیە.

لەکاتی گفتەکانی بۆ ئەدرکانم، من چاوەکانم پڕ لەئاو بوون، نەمویست بزانێ خەفەتباری کردم، بەدرۆ پێکەنیم، گووتم:

وابروا بگەرێمەوە بۆ وڵاتەی لێ هاتووم، سەگوگورگەکانی دەسەڵاتی سەدامی برسی خوێن، خاسترە بمخۆن، تا لەم کوێرەوەری بێ زانینی زمانەدا بمرم.

گووتی:

نا هاورێی کورد یارمەتیت ئەدەم.

درێژەی هەیە...